سەماحەتی حکیم لەگەڵ بالیۆزی ئوسترالیا باس لە پەیوەندی دوو قۆڵی دۆکات وجەخت لەسەر ئەنجامدانی هەلبژاردنکان لەکاتی خۆی دۆکات



لەژی 11-9-2023 بەنز عەمار حکیم سەرکیروتی حیکمەی نیشتمانی چاوی بە خانمی بەنز پاولا ئلیزابیس کانلی بالیۆزی تازەی ئوسترالیا لە عیراق کرد، هەردوو لایەن بیروڕایان سەبارەت بەدۆخی سیاسی عیراق و ناوچەکە و پەیوەندی دوو قۆلی عیراق و ئوسترالیا ئاوگۆ کرد.

سەماحەتی دووپاتی کردەوە کە دەبێت پەیوەندی دوو قۆڵی نێوان هەردوو وڵات پتەوتر بکرێت و سوود لە ئەزموونی ئوسترالیا لە بوارەکانی کشتوکاڵ و ئاودێری و سوود وەرگرتن لە سامانی ئاوی وەربگیرێت.

هەروەها ڕوونی کردەوە کە سروشتی دۆخی سیاسی وایکرد کە بودجەی سێ ساڵ بەرقەرار ببێت و لەرێش حکومەت چانسی باشی هەبێ بۆ ئەوەی بتوانێت خزمەتگوزاری پێشکەش بە هاوڵاتیان بکات و متمانەی هاوڵاتیان بە سیستەمی سیاسی بگەڕێنێتەوە.

سەماحەتی ئاماژەی کرد کە پەیستە دادپەروەرانە لەگەڵ تۆژەکانی کەمەگا مامەڵە بکرێت وەك تۆژی خاوەن پێداویستی تایبەت، داواشی کرد یاسای تازە هەموار بکرێت و ژێرخانی پێویستی بۆ دابین بکرێت، هەروەها جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی کە دەبێت هەڵبژاردنە ناوخۆییەکان لە کاتی خۆی ئەنجام بدرێت لەبەر ئەوەی ئەنجومەنی پارێزگاکان وەکو قۆڵی گرنگی حکومەتن لە پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری دوای ئەوەی وەزارەتەکان ڕۆڵی خۆیان دەگێڕن.